# ئاهەنگی درۆکانی ئەم دونیایە

هێمن ملازادە
2004/8/30
Malazada83@gmail.com

ئەی پایزەهەڵوەریوە درۆزنەکەی دراوسێی من
ئەی قوتابی موسەیلەمەو ئەبو جەهل وهوبەلی دوژمنانی من ,
ئەی کتێبخانەی کتێبە خۆکوژیەکانی دینی من ,
ئەی پیاڵەی ژەهرە تاڵەکەی دەستی من ,
وامەزانە کەپایزت بەمن فرۆشت ,
بەهار ئاورێ لەمن ناداتەوە ,
ئیتر دەمرێ .
بڕوابکە هەمو شیعرەکانی هێمن بەڵگە ن,
ئیلهامەکەی درۆکانی ئەم دونیایە ئەپێکیێت و
تیری مەرگە ئاوێزەی جەستەو مۆبیلەکەت دەبێ ,
بەشیعرێکم
هەمووژینت دەکەم بەپایزی مەرگ,
ئەمجارەیان
لەتونێلی مەرگەساتا ,
دۆزەخ ئاسا
لەگەڵ موسەیلەمەی کەزاب
بەراوردی هاورێیەتی تان دەکەم و
بڕوانامەی رێزلێنانت پێش کەش دەکەم ,
ئەی پەیکەری کەروڵاڵ و ڕاستی نەویست
لەئاست ئەم هەمووسۆزەی من ,
خۆتۆ کچی پێخەمبەر نیت  تامن ئیمانت پێ بێنم,

خۆتۆ دکتۆرەی ئیشق نیت تامن هانا بۆتۆ بێنم ,
خۆتۆ وڵاتی ئیشق نیت تاپەساپۆرتی ئەوینت لادەربینم ,
تۆنازانی شیعرەکانم وەک فریشتەکانی دۆزەخ
جەنگاوەرێکی دڵ ڕەقن ,
وەکو یادت
لەهزرم دا گوڵێکی نامۆیی زەقن .
بەڵام قەینا
ئێستا ئاهەنگی راستییە ,
ئێستا جەنگاوەرەکانی دڵ دەرگا بەدەرگا دەگەرێن
لەهەرشوێنێک تۆز قاڵێک سۆزی تۆهەبێ
دەی سووتێنن,
تائەم پەتا کوشندەیە وڵاتی پڕوەفاداری ,
( هێمن ئاسا )
دڵی هیچ مرۆڤێکی تر بۆگەن نەکەن .
کچی ئاگر ,
ڕاستە هەڵەم
ڕاستە مرۆڤێکی سادەی دورگەی غەمم,
بەڵام خۆ من رۆژی وەک تۆ
هەرگیز بەزمانی درۆ نەمدواندی ,
خۆمن رۆژێ لەدەروازەی چاوانی خۆم
نەمدڕاندی ........ نەمسووتاندی.